# دۆڕاندنی خەونی پاکیزەیی ماڵ

**نیهاد جامی**

ماڵ کولتورێکە بۆ بەردەوامی بەخشین بە پەیوەندیەکانمان، کولتورێك پڕیەتی لە یادەوەری، لەتوانامان نیە لێیەوە دەرباز بین، بەتەنیا بەدەرکردنی یادەوەری و شتە بێهودەکانی بەهۆی یادەوەریەوە هەڵمان گرتووە، یوسف کاتێ لەماڵ دەبردرێتە دەرەوەی ماڵ و فڕێ دەدرێتە بیرێکەوە، بەهۆی ئەو خەونەیە کە لە ئایندەدا ماڵ دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. خەون ئومێدێکی خواستراوە کە لەکاتی خەوندا دەیبینین، لەگەڵ بەئاگا هاتنیشمان ئەوا کۆتایی پێدێت، تەئویلی خەونی یوسف ئایندە دەست نیشان دەکات، ئەوەش مەترسیەکە بۆ براکان لەوەی سیستمی بەدوایەك هاتوو لە دەست بدەن، مرۆڤ کاتێ لەخەو هەڵدەستێ هەوڵی ئەوە دەدات تەئویلی ڕەمزەکانی ناو خەونەکەی بکات، ئەو ڕەمزانەی هیچ پاڵەپەستۆیەك نایان هێنێ، بەڵکو خۆیان دێن، بەبێ ئەوەی یاسایەك هەبێ بازنەیان بۆ بکێشێت، ئەوەش جیهانێکە دواتر دەتوانین بە (خەونی پاکیزەیی) ناوی بەرین، خەونێك بەدوای هاتنەدی پاکیزەیی خۆی لەدەست دەدات، چونکە نەمانتوانیووە لەکاتی خەون بینین تەئویلی خەونەکە بکەین و لە ماناکانی بدوێین، بۆیە خەونەکە ڕووە پاکیزەیەکەی خۆی دەدۆڕێنێت، بەڵام دەبێ لەو هۆکارە بپرسین: ئایا فەرامۆش کردنی تەئویل بەسە بۆ ئەوەی لەبارەی خەونەکەوە نەدوێین؟ یاخود دەبێ بگەڕێینەوە بۆ هیواخستنی ئەو خەونە بۆ واقیع؟ دیارە تەئویل نەکردن چەندە هۆکاری سەرەکی شکستی خەونە، بەڵام ئەو تەئویلەی لەدەرەوەی خەونیش فەرامۆشمان کردووە، پرسیارێکیترە کە دەبێت جارێکیتر بۆی بگەڕێینەوە، چونکە ئەو خەونە لەپەراوێز بوونمانەوە سەری هەڵداوە، لەهەست کردن بەوەی فەرامۆش کراوین و دابڕاوین لە جیهانی ئەوانیتر، سەیر کردنی خۆمانە لەوەی سڕینەوەی خەسڵەتەکانمان بە پڕۆژە کاری بۆ دەکەن.

بۆیە خەون بە ئازادیەوە دەبینین، لەوەی ئایندەمان ئاسۆیەکی ڕوون بێت، بەڵام کاتێ خەونەکە دێتە دی و بەفریای تەئویل کردنی ناکەوین، چونکە دەبوو پێشتر تەئویلی بکەین، بۆیە هەست دەکەین ئەو خەونە پاکیزەییەمان زۆر بە خێرایی لەدەست دەردەچێت، بە لەدەست چوونی خەون پاکیزەیی خۆی دەدۆڕێنێت، ئەمجارەیان پێشبینی تراژیدیاکانی داهاتوو دەکات، ئەگەرچی لە (خەونە ترسناکەکانی یوسف)  بەرزان فەرەج ئەو خەونە دەکاتە گەڕانەوەی یادەوەری لە ئێستادا، یادەوەریەك نەك وەك ئەوەی هەیە، بەڵکو یادەوەری ئەو خەونەیە لە دنیای کوردیەوە دەیبینێت، خەونێك ترسناکی لەوەدا نیە کە ڕووی حەقیقەتی خۆی دەدۆڕێنێت، حەقیقەتی پاکیزەیی لەدەست دەدات، چونکە خەونی یوسف ئەو خەونە نیە بۆ ئاسۆیەکی نوێ، بەڵکو بەدوای شکستەکانەوە خەون دەبینێت، ئەو خەونە چەندە ترسناکیش بێت، نایەوێ لەو ترسە بە ئاگا بێتەوە، ئەو باران و ڕەشەبایەی لەودیو پەنجەرەکانەوە گوێ بیستی دەبین و چەخماخەیەك ماڵ ڕۆشن دەکاتەوە، دەنگێکە بۆ ئاسۆیەکیتر، دەیەوێ ترسناکی خەونەکانمان بۆ دەربخات، ئەوەش ڕێگایەکە بۆ خولقاندنەوەی ئەو سیما شێوێنراوە، سەرەتای دەستپێکردنی ئەو خەونەیە کە خۆی لە دەرەوە دادەبڕێت، لە ساتەوەختی نووسین دەست بە پرسیارەکانی دەکات، نەك ئەو پرسیارەی کە ئەستێرە و مانگ و خۆر لە کرنۆش بردنن بۆی، بەڵکو پرسیاری دەرکەوتنی براکان بۆ ناو ماڵێك، کەهەموو شتەکانی شێوێنراوە، بۆیە ئەو ماڵە پێویستی بەوەیە ئەو برایانەی لەناویدان نەخەون، بەڵکو لەشەوی باران و زریاناوی دەبوایە ئەوان بە ئاگابن، هەر بۆیە کاتێ دەبینین شتەکان ڕێك خراونەتەوە نابێ خۆشحاڵ بین، چونکە شتەکان دەبێ لە بنەڕەتەوە بگۆڕدرێن، نەك ئەوانی دوێنێ ڕێك بخەینەوە، چونکە ڕێکخستنەوەیان هەناسەیەکی کورتە تیایدا وا هەست بکەین "ئێمە لەم ماڵەدا هەموو سەربەستین بەکوێدا بمانەوێت دادەنیشین" لا13، بەڵام ئەوە بۆ ئەو کەسانەی کە ماڵی تر نابینن، بینینی ماڵیتر ئەو پرسیارەمان لا درووست دەکات، کە ئەگەر ئێرە ئەو ماڵەیە بە مناڵی ئێمە یاریمان تیا کردووە، کەچی ئێستا هەست بە سەربەستی لەناو ئەو ماڵەدا ناکەین، بۆیە لەبینینی ماڵەکانیتر دەبێ بپرسین "ئێمە گۆڕاوین یا بە مناڵی هەستمان پێنەدەکرد.. شوێنێك نییە تیایدا ئاسوودەبین" لا13، ئەوەش کەشف بوونی نهێنیە بەدوای سەیرکردنی ماڵەکانیتر، بەڵام گۆشەگیر بوونی کەسانیتری ئەو ماڵە، ئەو نهێنیە وەکو ئەفسوونێکی ئەو ژیانە  دەمێنێتەوە، بەوەی نابێ کەشفی نهێنیەکانی ماڵ بکرێت "لەم ماڵەدا ئەوەش فێربووم کە هەندێ شوێن و شتی تایبەتی هەیە دەبێ ڕێزیان لێ بگرین" لا14

ئەوەی دواجار ماڵەکانمان بەسەردا دەڕووخێنێ، لەو مەترسیە هاتووە کە نەمانتوانیووە دەسکاری سیما شێواوەکانی ماڵ بکەین، ئەگەر پێمان وایە دواجار ئەو ماڵەمان ڕێك خستۆتەوە ڕێك ناخرێتەوە، دەبوایە شتەکان بگۆڕین، بە نەگۆڕینی شتەکان ئەوا

یادەوەریی منالّی تەوقێکە و لە ئێستامان نابێتەوە، ئەوەش گەمەکردنەوەی یوسفە لەناو خەونەکانیدا، کە هەوڵی ڕەسم کردنەوەی خەونەکانی دەدات، بەوەی ئومێد لە ئایندەی ئێمە نییە، گوڵەکان بێ ڕەنگ بوون کاتێ ئەو بە لاولاوە درێژەکەدا بەرەو ئاسمان سەردەکەوێت و لەگەڵ منالّە باڵ سپییەکان یاری دەکات، ئەو خەونە چیرۆکێك نیە، بەڵکو حەقیقەتی سەرەتاییە بەوەی خەونی ئێمە لەسەرەتادا خەونی پاکیزەیی بوو ئومێدێك هەبوو گوڵەکان ڕەنگ بکەین، چونکە دواتر هەموومان دەبینە بەشێك لەناو ئەو خەونە ترسناکەی یوسف "من لەسەر هەورەکەم..مامە تۆش لێرەیت.. دایە سارەش لقی درەختەکەی گرتووە بۆ لای ئێمە دێت" لا18 نهێنی بوونی ئێمە لەناو خەونەکەدایە، کە بێ ڕەنگی گوڵەکان ڕەنگی پاکێتی هەڵدەگرن بۆ خەونە ڕەنگاو ڕەنگەکان، کەچی دواتر ئەو خەونە پاکیزەییە دەدۆڕێنێت بەوەی ڕەنگی سوور کە دەلالەتی خوێن دەبەخشێ، نەك پەڕی گوڵەکان، بەڵکو دەوروبەری سوور دەکەن، ئەوەش گوڵ لە خەونی پاکیزەییەوە بۆ حەقیقەتی خوێناوی دەگوازێتەوە، ئەو خەونەش نهێنی ماڵە کە پێمان وایە گوڵەکانی بە جوانی ڕادەگرین، بەڵام دواجار لە خەونە ترسناکەکەی یوسف لەوە دەگەین ڕەسمکردنەوەی گوڵەکان لاپەڕەکانیش سوور دەکەن، ئەوەش پرسیاری جەوهەری خەونە، پرسیارێك پاکیزەییمان بە خوێن پێ دەگۆڕێت، بۆیە براکان نابێ ببن بە بەربەست لە خەونی منالان، ئەو نەوەیەی بەهۆی دۆگما بوونی براکانەوە وێنەی ئایندەمان دەکێشێ، ئەوەی لەدواجار دەبێ بە حەقیقەتێك لەناو خەوندا یوسف دەیبینێت، بەوەی گەڕانەوەی براکان بۆ ماڵێك هاتوون، (برایم) یێکی ئیفلیج خاوەنی ژنێکی جوانە، خەمەکانی ئەو ماڵە زیاتر دەکەن، چونکە پیاو لەو ماڵە کە برایمە توانای سێکسی لەدەست داوە، واتە شوناسی نێرینەیی لەدەست داوە، بۆیە شەڕ لەو ماڵەدا دەبێتە شەڕ لەسەر سارە.. ئەوەی پیاوێکی ئیفلیج خاوەنیەتی، بۆیە گومانی برایمی ناو مێژووی حیکایەتە ئاینیەکە بەوەی ئەوەی دەیپەرستن چەند دار و بەردێکن و خودا نین، هەر ئەوەشە لە حیکایەتەکە دەبێتە هۆی دروست کردنی پرسیار لەلای، کەچی لە دەقەکەی (بەرزان فەرەج) دا ئەو بۆخۆی بەرد کۆدەکاتەوە، چونکە پەیوەندی بە یادەوەری هەیە، ئەو گومانە بە پرسیاری ناگەیەنێ، ئەو گومانە لای ئێمە دەگۆڕێ بەوەی گومان لە (سارە) ی هاوسەری دەکات، ئەو کاتەی هەست دەکات براکان چاویان بڕیوەتە ژنەکەی و کەوتونەتە شەڕێکی دەروونی، هەریەکە و دەیەوێ دڵی ڕازی بکات و ڕێگایەك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی لەناو ماڵ بیهێنێتە دەرەوە و لەو ڕێگەیەشەوە هەوەسبازیەتی جەستەی خۆیانی پێ دامرکێننەوە، هۆیەکەشی ئەوەیە براکان لەناو شکست و بێزاربوون لە پەیوەندە ئەخلاقیەکانی ماڵدا دەژین، ئەو پەیوەندیەی بە درێژایی مێژوو سیستمێك ڕێگەی گۆڕانی نەداوە، ئەوەش وای کردووە ناپاکی لەو سیستمە خێزانیە بکرێت، کە لەناو ماڵ بە پیرۆز ڕاگیراوە، بۆیە دەبێ بپرسین: ماڵێك دواجار چەپاندن وامان لێ بکات ناپاکی لە فۆرم و بەها ئەخلاقیەکانی بکرێت، هەق نیە ئەو ماڵە ئەو پەیوەندیە دابەزیوانەی بگۆڕێت و لەسەر بنەمایەکی مۆدێرن وێنای ژیانی خۆی بکات؟

پەیوەندی حەرامزادەی براکان بە سارە، سەرەتای نیاز خراپی براکانە، ئەوەی یوسف لەناو خەونەکەیدا داهاتووەکەی دەبینێت "وێرانە ئەبینم وا لاولاوەکە دەبڕنەوە" لا 56، ئەوەش کەوتنی کەناڵەکانی پەیوەندی کردنمانە بە یەکتریەوە، ئەوەی لەناو ماڵ دەمێنێتەوە شتەکان نین، بەڵکو ئاژەڵە ووشککراوەکانن، تەنانەت کاتژمێرە دارینەکە کە ئامادەگی بەردەوامی زەمەنیە، یەك لە براکان دەیدزێت، بەواتای داهاتوویەکی تاریك لە چاوەڕوانیماندایە، ئەوەش وێران بوونی ماڵە، براکان لە مەستیدا پێی هەڵدەستن.. یەکێکیان دەیەوێ پەلاماری براژنەکەی بدات، ئەویدی دەچێتە ژوورەکەی تا ئاڵتونەکانی بدزێت، تا دەگاتە ئەوەی براکان ژوورەکەی سەرەوە ئەوەی دایکە ڕێگەی نەدەدا لەخۆی زیاتر کەس بچێتە ناویەوە، ژوورەکەیان بەسەر یەکەوە نەهێشت، شتەکانیان فڕێ دایە دەرەوە، شتەکانی ئەو ژوورەش جگە لە چۆغەیەك و جامانەیەك کە جلە خوێناویەکانی کوڕەکەیەتی هیچی تریان لەو ژوورە نەهێشتۆتەوە، ئەوەش دوا یادەوەری دایکە بە کوڕەکەیەوە، دوای ئەوەی "گۆڕەکەیان هەڵدایەوە ئێمەیان کرد بە شێت، خۆیا لەئێسقان زیاتر هیچیان نەبینی" لا 59، کەچی دەیانەوێ پاکیزەیی بەر لە هاتنەوەی ئەوان ئەوەشمان بە درۆیەك پێ بدۆڕێنن، بەوەی ئەوان لەپێناو بەختەوەری ئێمەدا ژیانیان داناوە، مێژووی قارەمانێتی بۆخۆیان دروست دەکەن، کەچی ئەوەش دەماکێکە بۆ پاساوی جێگیر بوون، بە ویستی خۆیان مێژووی پاڵەوانێتی خۆیان دەنووسنەوە، ئەوان برایم نابینن کە لە پێناوی ماڵ و دایك بووە بە قوربانی جەنگێك هەرگیز باوەڕی پێی نەبووە، ئەمڕۆ دەیانەوێ بە پارە پاداشتی بدەنەوە، پاداشتێك ئەو قاچەکانی داناوە لە پێناویان، ئەمڕۆ دەیانەوێ لەباتی قاچەکانی پارەی پێ بدەن، لێرەوە پرسیاری مێژوویی برایم لە بتەکان دەگۆڕێت بە پرسیار لەوەی لەپێناوی چی لەدەستی داوە "دەتوانی بمدەیتەوە؟ کەستان دەتوانن قاچەکانم بۆ بگەڕێننەوە" لا79،

ئەو پرسیارە بەدوای گومان لە براکانی، بەوەی ئەوان ئاڵتوونی ژنەکەیان دزیووە، وەك چۆن گومانی ئەوە دەکات براکان دەیانەوێ ژنەکەشی لێ بدزن، ژنێك کە ئەو ناتوانێ بەختەوەری بکات، پیاوێکی ئیفلیج دەرگاکانی بەختەوەری بەڕوویدا داخراوە، بۆیە بڕیاری جیا بوونەوە دەدات، نەك لەبەر ئەوەی گومانەکانی گەورەتر دەبن، بەڵکو ئەو دەزانێ ژنەکەی کردۆتە کارەکەرێك، بۆیە جیا بوونەوە بە بڕیارێك دەبینێت "خەتای تۆی تیا نیە.. خەتای ئەو زەمەنەیە کە خەریکە هەمووومان لە ئینسانیەت دەخات" لا84، بۆ ئەوەی گۆڕانێکیش لەناو ماڵ درووست بکرێت، گۆڕانێك کە ماڵی کوردی بڕوای پێی نیە، ناچارە جێی بهێڵێت، بۆیە سارە لەگەڵ دان سەفەر دەکات، (برایم) یش تێدەگات لە شێتخانەیەکی وادا، کە ماڵ ئەو شوێنە ئارامە بووە بە وەحشستانێك، بۆیە هەموو حەبەکان دەخوات و خۆی دەکوژێت، ئەوەش ڕاکردنە لەو کولتورە نەگۆڕەی ماڵ، ئەوەی پەیوەندیەکانی هێمنی تیا دەشێوێنێ "کۆڵەکەکان لێرە مانەوە، ئێرە کەلاوە نەبوو.. خانوویەکی ڕاستەقینە بوو هەمووومان تیایدا دەژیایین" لا92، بەڵام چونکە کاتژمێر و ئاڵتوون و کورسی تیا دزرا، بەواتای زەمەن و دەسەلآت و ئابوری خێزان دەبردرێتە دەرەوەی ماڵ، ئەوا ماڵیش تووشی وێران بوون دێت، ئەوەش حەقیقەتی خەونە، خەونێك براکان لە سەرەتاوە دانی پیا نانێن، بەڵام لەبەریەککەوتنی ململانێکان چیتر ئامادە نین بیشارنەوە، پەیوەندی پیاوەکان بە (سارە) شەوە ئەویش وەك هەرشتێکی تری ماڵ سەیر دەکرێت، بەڵام لەو کاتەدا دانی پیا دەنرێت، کە هەموو نهێنیە ئەخلاقیەکان ئاشکرا دەبن "هەموو شتێکی ئەم ماڵە دەستی لێدراو پیسکرا، هیچ شتێك بە پاکی جێنەهێلرا، تەنانەت ئەو ئافرەتەش" لا94.

دەستکاری کردنی شتەکانی ماڵ پەیوەندی بە گۆڕانەوە نیە، بەڵکو جێگۆڕکێیە بە شوێنەکان، نەك گۆڕانیان ئەوەش دواتر ماڵ دەکات بە کەلاوەیەك، چونکە هەڵەی براکان لەوەدا بوو، بەبێ گۆڕان پێیان وابوو ماڵ لە وەهمەکانی ڕزگار دەکەن، بەڵام بە مانەوەی تێدەگەن ماڵ چۆن بۆخۆی دەبێتە شێتخانەیەك ئەگەر لە بنەڕەتەوە نەیگۆڕین، بۆیە ناچار دەبن ئەوان ماڵەکە بەجێ بێلن، بەجێهێشتنی ماڵ بە واتای تەنیا (دایك/ یوسف) لەوێ دەمێننەوە، ئەوەش ئەو حەقیقەتەیە کە دواجار براکان ماڵەکە بەجێ دێلن، ئەوانەی لەماڵەکە دەمێننەوە دایکی شەهید و کوڕی شەهیدەکانن، بۆیە دەکرێ ماڵ یەك دیدگای بۆ بەردەوامی هەبێت، ئەویش ئاوێتەکردنی خەون و حەقیقەتە، بەوەی خەون حەقیقەتی ماڵە، حەقیقەتی خەونیش ئامادە بوونی یوسف نیە لە ئاهەنگەکەدا، بەڵکو خەونی ماڵە دەتوانێ حەقیقەتی ماڵ بە پێی ئەوەی هەبوو ڕێك بخاتەوە.

ماڵ دەبێ بەو حەقیقەتەی کە دایك لەگەڵ یوسف دەیکاتەوە بە خەون "یوسف گیان سەیرکە.. ئەم کەلاوەیە چەند جوانە.. سەیری لاولاوەکە بکە.. هێشتا سەوزەو بۆ ئاسمان هەڵکشاوە.. دەی پیا سەرکەوە بۆ سەرهەورەکان.. ئەم کەلاوەیەمان خۆشدەوێت.. خۆشماندەوێت وەکو ژیان و مەرگی خۆمان"لا 95، لێرەوە ماڵ دەبێ بە درێژکراوەی یادەوەری، نهێنیەکان دەبنە بەشێك لە حەقیقەتی دوێنێ، بەوەی ئەوان خۆیان بۆمەرگی جوانەمەرگ ئامادە دەکەن، بۆیە دایك داوای لێ دەکات یوسف لەژوورەکەی سەرەوە خەون ببینێت، بەواتای خەونەکەی بباتە ئەو ژوورە پیرۆزەی دایك، دوای مردنی کوڕەکەی بە کەسی ڕەوا نەبنیووە بچێتە نایەوە، بۆیە ڕێگەی یوسف دەدات، چونکە ئەو لەو شوێنە لەدایك بووە ئەوەش سوڕانەوەی زەمەنی نەوەکانە، بەوەی لەناو کولتوری ماڵ لا نەدەن، ئەگەرچی تارماییەکان ڕێگای نادەن، چونکە تارماییەکانیش بەشێکن لەو ماڵە، هەر ئەوانیش یوسف دەخنکێنن، کاتێ دەنگی ئەمبولانسەکە دێت، تا دایکە بەرەو شێتخانە ببات، بەو جۆرەش ماڵ دەبێ بە چۆلەوانیەك، کە ئیدی تەنیا وەك کەلاوەیەکی چۆل دەیبینین، کەپڕیەتی لەتارمایی، چونکە ئەو کەلاوەیە قوربانیەکانی (باوکی یوسف و برایم) تیایدا مردن دەری کردن و(نەجۆ و شێرۆ و کاردۆ) ڕایان کرد و (یوسف) خنکێنراو دایکیش بەرەو شێتخانە دەبردرێت، بەم جۆرە یادەوەری ماڵ خەونی پاکیزەییمان پێ دەدۆڕێنێت